# ئامانجی نوسینەکەی شەمال عەلی چیە؟

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

ڕۆژی 2007-7-27 لە ماڵپەڕە کوردیەکاندا بە سەردێڕی : بۆچی (پ ک ک) پارە لە ڕەوندەکانی قەندیل وەردەگرێت، وتارێکم بلاوکردەوە، کەسێك بە ناوی شەماڵ عەلی زۆر بە توندی بە سەر وتارەکەمدا هاتووە و لە ماڵپەری (کوردستان ئان) و (دەنگەکان)دا لەو بارەیەوە نوسینێکی بلاوکردۆتەوە. کاك شەماڵ هەر کەسێك بێت مافی خۆیەتی لەگەڵ مندا هاوڕا نەبێت و رەخنە لە بۆچونەکانم بگرێت. بەلاّم نوسینەکەی ئەو سنوری رەخنەی بەزاندووە، بە دەستەواژەی (جەردەیی سیاسی) مانشێتی نوسینەکەی رازاندۆتەوە، بە دەستەواژەی (تیرۆریستی ئیسلامی) سەر و بنی نوسینەکەی خۆی کۆکردۆتەوە. ئەگەر لە نوسینەکەیدا بەو چەمك و دەستەواژە بێزراوانە ئیمەی تاوانبار نەکردایە، وەلاّمەکەی دەچوە چوارچێوەی رەخنەی سیاسیەوە و بە پێویستم نەدەبینی وەلاّمی بدەمەوە.

کاك شەماڵ لە دیدێکی سیاسی تەسکەوە بۆ مەسەلەکان دەچێت، لێکدانەوەکانی لە سەر پێوانە و پرنسیپی (ڕەش یان سپی) دارشتووە، بۆیە بەخۆی نەزانیوە دووچاری هەڵەی فکری و سیاسی هاتووە. ئەو هاوکاری کۆکردنەوەیەی کاك شەماڵ بە (جەردەیی سیاسی) ناوی دەبات، هەر ئەوەیە کە خۆی لە نوسینەکەیدا ئاماژەی پێدەکات و دەنوسێت: **دەکرێت خەڵك و لایەنگرانی هێزێك خۆبەخشانە کۆمەك بە لایەنێکی سیاسی بکەن**. باشە کاك شەماڵ ئەگەر ئەو لایەنە داوای هاوکاری لە خەڵك و لایەنگرەکانیان نەکەن، خەڵك چۆن دەزانن ئەو لایەنە پێویستی بە هاوکاری هەیە؟ یان بۆچی بۆ لایەنێك هەبێت هاوکاری خۆبەخشانە وەربگرێت بەلاّم پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و (پ ك ك) ئەو مافەیان نەبێت؟ ئەو پارەوەرگرتنەی هەڤالانی (پ ك ك)ش، هەر بەو شێوە خۆبەخشەیە کە تۆ ئاماژەت پێداوە. هەڤالانی(پ ك ك) داوای هاوکاری لە ڕەوەندەکان دەکەن، ئەوانیش ئازادن هاوکاری ئەکەن یان نایکەن ، وەك چۆن هاوڕێیانی ئێوە لە سلێمانی لە سالانی 1998-2004 لە عیادە سەردانی منیان دەکرد و داوای هاوکاریان لێدەکردم، منیش بە ئارەززوی خۆم و ئازادانە چەندان جار لە ڕێگەی هاوڕێ (سەعید) وە هاوکاری ئێوەم دەکرد. بەلاّم من ئەوکات و ئێستەش، لە ئایندەشدا نالّێم با حزبی کۆمۆنیست دەست لەو (جەردەیی سیاسیە) هەڵگرن، لەبەر ئەوەی بە ئاسایی دەبینم حزب هاوکاری لە خەڵك کۆبکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئێوەش لە لایەن حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەلاّتدارەکانەوە وەك ئێمە مافەکانتان زەوت کراوە و بۆتان هەیە داوای هاوکاری لە خەڵك بکەن .

لە لایەکی ترەوە ئەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە وەرگرتنی هاوکاری لە گەلی خۆت، ئەگەر ئێش و ئازاریشی هەبێت، زۆر شەرەفمەندانە ترە، تا ئەو هاوکاریەی کە لە دام و دەزگا هەوالگریەکانی ولاّتان وەریدەگریت، لەبەر ئەوەی لە هەر لایەنێك هاوکاری وەربگریت، بەرامبەر بەو یارمەتیە مەرجی هەیە. (پ ك ك) یەك لەو لایەنە سیاسیانەیە کە لە سەرەتای دروستبونیەوە، بۆ دابینکردنی داهات، پشتی بە گەلی خۆی بەستووە. ئەو داهاتەی (پ ك ك) لە گەلەوە وەریدەگرێت بە ڕێگەی ئاشکراو بۆ کاری پێویست و لە بەرژەوەندی گەل دا خەرج دەکرێت، ولاّتی ئەوروپا نیە (پ ك ك) هاوکای ئاوارە و لێقەواماوانی کوردی تێدا نەکردبێت، حزب نیە لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا بێت، یارمەتی لە هیچ ولاّتێکەوە وەرنەگرێت و کەناڵی ئاسمانی نەتەوەیی خۆی هەبێت و خزمەتی کێشەی سیاسی و کلتوری نەتەوەکەی پێبکات، (پ ك ك) چەندان سالّە بە هاوکاری گەلی کورد، خەباتی چەکداری لە دژی سەرسەخترین رژێمی دژە کوردی

ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و گەورەترین پشتیوانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی(دەوڵەتی تورکیا) بەڕێوەدەبات. ئەو هاوکاریانەی (پ ك ك) لە هاویندا لەڕەوەندەکانی بناری قەندیلی وەردەگرێت، بەشی یەك لە سەرسەدی ئەو خومەتگوزاریانە ناکات کە (پ ك ك) بۆ خەڵکی ناوچەی قەندیلی دابین دەکات، لەو ناوچانەی هێزی (پ ك ك)ی تێدایە، سێ نەخۆشخانەی لێیە، بەردەوام بە بێ بەرامبەر لە خزمەتی خەڵکی ناوچەکەدان، گوندی ناوچەی قەندیل و شوێنەکانی تر نیە (پ ك ك) بە پرۆژەی کەرۆمایی کارەبای بۆ دابین نەکردبێت. لە دروستکردن و پاراستنی پرد و ڕێگە و باندا برادەرانی (پ ك ك) بەردەوام لە خزمەتی خەڵکی ناوچەکەدان، تیمەکانی (هەڵگرتنی مین) ی هەڤاڵانی (پ ك ك) هەزاران لوغمیان لە کوردستان هەڵگرتۆتەوە و چەندان گەریلا لەو پێناوەدا شەهید و بریندار بوون، بۆ زانیاری کاك شەماڵ و خوێنەران، لە چەند ڕۆژی رابوردوودا لە گوندی (قەلات) ی ناوچەی باڵایان دایانەگەیەکیان بۆبەخێوکردنی منالانی هەژاری دەڤەرەکە کردۆتەوە. ئەم خزمەتگوزاریانەی (پ ك ك) لە سنوری قەندیل، بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاریە بۆ خەڵکی مەنکوبی کوردستان، نەك جەردەیی سیاسی کە کاك شەماڵ بۆ تەشهیر کردنی (پ ك ك) بەکاری دەهێنێ و بە خۆشی لە ئەوروپایە و ناوانێ خزمەتگوزاریەکی بچوك بۆ گەلە مەنکوبەکەی بە دەست بخات!!!.

کاك شەماڵ لە پەرەگرافێکی تری نوسینەکەیدا دۆ و دۆشا و تێکەڵ دەکات ودوور لە مەنتیق دەڵێت: **پ ك ك و بێچووەکانی لە زۆر هەڵس و کەوتدا، تەقالیدیان، نزیکایەتی زۆر ئاشکرایان لەگەڵ تیرۆریستە ئیسلامیەکاندا هەیە، ئەمە تەنها نمونەیەکی ئەو ڕاستیەیە.** ئا لێرەدا هیچ بەلگەیەکی مەنتقی و سیاسی نادۆزمەوە بۆ ئەوەی ببێتە بنەما تا کاك شەماڵ ئێمە(پ چ د ك و پ ك ك) لە ڕووی هەڵسوکەوتدا لە ئیسلامیە تیرۆریستیەکانەوە نزیك بکاتەوە، نوسینەکەی من زۆر لەوەوە دوورە تا کاك شەماڵی پێبگاتە ئەو ئەنجامەی دەرگای ئەو جۆرە تاوانبارکردنەمان بە ڕوودا بکاتەوە، بۆیە لەم پەرەگرافەدا بە ڕوونی ئامانجی نوسینەکەی کاك شەماڵم بۆ دەردەکەوێت ، کە دەیەوێت بەو نوسینەی بڵێت (پ ك ك) هێزێکی تیرۆریستە، بەوەش خزمەتێکی باشی ئەو هێزو لایەنانە بکات کە (پ ك ك) بە هێزێکی تیرۆریست ناودەبەن، ئەو کارە ئەنجام بدات کە هەندێ لە هێز و لایەنەکانی تری باشور پێیان ئەنجام نادرێت. کاکە شەماڵ یاخوا ئەو سەرکەتنەت لای ئاغاکانت پیرۆزت بێت، بەو نویسنەت دڵی گورگە بۆرەکانی تورکت شاد کرد، بەڵام لای گەلی کورد کە کێشە نەتەوەیەکەی ناناسیت، زیانێکی گەورەت لە خۆت دا و دڵیت عادز کرد. چۆن کەس و لایەنێك خۆی بە چەپ بزانێت دژی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیەکی ژێر دەستی وەك کورد دەوەستێتەوە، ئەو کەس و لایەنە یان فەریان بە سەر چەپەوە نیە، یان چەپی داتاشراون.

من وای دەبینم کە وا کاك شەماڵ لە ڕوی سیاسیەوە زیاتر لە من و هەڤاڵەکانم لە ئیسلامی سیاسی توندڕەوەوە نزیکە، لەبەر ئەوەی ئیسلامە توندڕەوەکانی عراق و ناوچەکە لە ڕووی سیاسیەوە زۆر دژایەتی سیستەمی فیدراڵی و مافە نەتەوەیەکانی گەلی کورد دەکەن تا هێزو لایەنە سیاسیەکانی تری عراق و ناوچەکە، کاك شەماڵیش لەم نوسینەیدا، تا توانیویەتی بە گژ کێشەی نەتەوەیی گەلی کوردا چووە و حسابی سفری بۆ کردووە وخۆی لە ئیسلامە تیرۆریستەکان نزیك کردۆتەوە. لە ڕوی فکریشەوە هەر ڕێبازەکەی کاك شەماڵ لە ڕێبازی ئیسلامی سیاسی توندڕەو نزیکترە، لەبەر ئەوەی هەردوو لایەن ئەگەرچی لە شێوەدا ناکۆکن و دژ بە یەکترن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا خاوەنی یەك هزری دۆگمان،

بڕوایان بە گوڕانکاری نیە، بەو چەمکە کۆنانە کار دەکەن کە بۆیان گوازراوەتەوە، بۆ خۆیان هەڵسەنگاندنی نوێ و تایبەتیان بۆ کات و شوێنی تایبەت نیە، بە بنەما کۆنەکانی ئاین و فەلسەفە سەیری ڕودا و دیاردەکانی ژیان دەکەن، هەردوو لایەن بڕوایان بە پرنسیبی (ڕەش یان سپی) هەیە، تەنها خۆیانیان پێ قبوڵە و بەرامبەر ناخوێننەوە و تەواوکەری یەکترن.

2007-7-29